# ئەلبومێك لەهەست ...ئەلبومێك لەیاد

(( ئەو وێنانەی هیچ ئەلبومك نایانگرێتە خۆ، تەنها وتەنها لەئەلبومی یادەوەری مندا دەژین))

ئەوە دایکمە..دەستی ناوەتە سەر شانی گەنجێتی خۆی
ئەڕوانێتە داهاتوویەك پڕاو پڕ بێ لە ئاسوودە و بەختەوەری.

ئەوەش برا جوانەمەرگەکەمە،
چەند ساڵ بەر لەکۆچی باوکم
لەژێر سەقفی خۆشەویستی گۆرانیمان بۆ یەك ئەووت.

ئەم وێنەیە باوەڕێکە پیای هەڵگەڕام، بەرەو لووتکە
هەر ئومێد بوو لێی دەباری و
هەر خەون بوو گەرای دەکرد
تالەچەقی دووڕیانێك..لەو بەرزەوە کەوتە خواری و
وورد و خاش بوو.

ئەمە باوکمە.. رۆژژمێری قسەی هەق و
ئامۆژگاری لەبەردەمە و
رووی کردۆتە دارێکی بەرز
ئەڵێی داوای نەمری ئەکات .

ئەم وێنەیە ڕەش و سپی یە
رۆژگارێك ((کاك جەلال))گرتی بۆ یادگاری
لە پشتەوەهەر بەئەنقەست
لادیواری مەسلەحەکەی ((ڕەحیماوا)) ی دەرچواندبوو
کەشەوی پێشتر نوسیبویان((مەرگ بۆ سەدام)).

ئەمەش خوشکێکمە ..ڕەشپۆشە
هەرچی جارێك کەتەلەفونم بۆ دەکات

لەدەوری باڵام ئەگەڕێ.

سەیری پشتی ئەم وێنەیە..چی نوسراوە
30-06-1976 ..ئەو کات مێردمنداڵێکی شەرمن بووم
نەتەنیایی و نەتاراوگە و نەسەفەری بێبەزەییم نەدەناسی
تەنها سڵم ئەکردەوە لەبراجەللادەکەم و
لەمامۆستا دڵڕەقەکەم.

تۆ چاو لەم وێنەیە بکە
وەختێ ((کاک جەلال)) بۆی گرتم..ووتی کاتێ گەورە ئەبی
بیرت نەچێ خەم سەر شانی خەم کەوتووە و ئازار ئەڕژێ
بیرت نەچێ کەگەورە بووی لەخیلالی ئەم ڕەسمەوە
چاوت چەند دەیەیەك ئەبڕێ.

ئائەمەشیان ڕیشی سپی شارەکەمە
کەوتۆتە دەست مناڵ و تواڵ
یەك بەملادا ڕایئەکێشێ و
ئەوی تریش وا ئاگری پێوە ئەنێ
کەرکووکیش لەترس و داخا
وەك قەتران ڕەش داگەڕاوە و خەریکی خۆخواردنەوەیە.

ووردبەرەوە لەم وێنەیە
ئەو پارچە کاغەزانەی سەر ئەو گڑۆگیایە
ئەوە نامەی کچکی خزمم بوو وەختێ
من ئەویندارى ئەو بووم و
ئەویش بەبرای خۆی دایئەنام.

ئەمەش وێنەی شێرپەنجەیە
وەکوو زەروو،وەك مۆرانە لەگیاکەڵەی کەسێتی دام
ئەیویست بمکات بە دووکەرت و بەدوو پارچەی لەیەك نەچوو

دیوتە ڕەنگی زەرد وەك كێمە.

دیوی ئەودیو..وێنەیەكە باخێك لەباوەشی گرتووم
ڕۆژی جەژنە و جلی تازەم لەبەردایە و
خەتم داوە و
بە پرچێكی درێژەوە چاوەكانم
وەك دوو چرا ڕووناكان لێ دەبارێ

ئەمەی ژێرەوەش گەشتێكی دوایین قۆناغی خوێندنمە
پۆلێك خەون و ئاوات تێكەڵ بەیەك بووینە
لەنێویاندا مەهاباد و كەژاڵ وەكو دوو پەپوولە كەوتوونەتە باڵەفڕكێ.

ئائەمەشیان ئەو ئافرەتە دڵ گەرمەیە
گەر بۆی بلوێ
وەكو پاروو قوتم دەدات.

ئەمەشیان دیسان هەر خۆمم..شەرمن .. سادە
ترس سیمای داپۆشیوم و
ڕەنگم زەرد وەك گوڵەگەنم
تەنهام وەكو تەنیایی خۆی.

ئەمەی دووایان گەنجێك بوو ..پاك
وەك فۆتە سپی یەكەی دایكم
وەختێ كەبوو بە پێشمەرگە زوو زوو نامەی بۆ دەناردم
كەچی ئەفسوس بەر لەوەی لەژیان بگات
ژیانیان پێ ڕەوا نەدی.

دووایین وێنەش هاوڕێیەكمە ((هاوڕێیەك بوو!))
لەیەك ڕێكخراو كارمان دەكرد
هێند دڵسۆز خۆی نیشان دەدا

**وام دەزانی میراتگرمە**

**هەر کە وازم هێنا لێیان**

**نەك هەر وەفا.. تەنانەت سڵاویش ناکات.**

**عەبدوڵا سلێمان((مەشخەڵ))**

**ڤانکۆڤەر /کەنەدا**

**ناوەڕاستی سێپتەمبەری** 2004

**تێبینی/**

**((کاك جەلال))وێنەگرێکی گەڕۆك بوو لەشاری کەرکوك ،دەیەی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو خەریکی وێنە گرتن بوو.ئەوەندەی من بزانم کەسێك خاوەن هەڵوێست بوو. فۆتە.. پارچە قوماشێکی سپی تەنکە ژنان لەدەوری سەر و ملیان دەئاڵاند و تا ئێستاش هەر بەردەوامە.**

**مەسڵەحەکە..کۆمپانیای گواستنەوەی خەڵك ((شرکە نقل الرکاب)) کە کەوتبووە سەر جادەی گشتی کەرکوك–هەولێر لەسەر سووچی بازاڕەکەی ڕەحیماوا و سەردەمانێك گەلێ دروشم ووتەی دژ بەڕژێمی لێ دەنووسرا.**